گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(5).Paper20

ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 15/05/2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 31/07/2024
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2024

# گرنگی زەیتون و زەیتەکەی لەشارستانییەتەکانی میسر و یۆنانی کۆندا

**شاناز ابراهیم محمود**

shanaz.ibrahm@uor.edu.krd

بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان عێراق.

**پوختە:**

زەیتون لە شارستانییەتە کۆنەکاندا گرنگییەکی زۆری هەبوە، هەر لە سەرەتای ژیانەوە ناسیویەتی، توێژەرانی بواری ڕوەکناسی ڕای جیاوازیان هەبوە لە دیاریکردنی زێدی ڕەسەنی ئەم دارە، هەندێک فەلەستین و شام و هەندێک یۆنان و بەشێکیشیان قوبرس و ناوچەی دەریای ئیجە بە زێدی زەیتون دادەنێن، وەک درەختێکی هەمیشە سەوز ناسراوە و لە سەرچاوەو زمانە جیهانییەکانیشدا بە شێوازی جیاواز ناوی هاتوە، بەهۆی ئەوەی مرۆڤی ئەوکات زۆر شارەزایی نەبوە لەسەرەتادا وەک درەختێکی ئاسایی سەیری کردوە و مامەڵەی بە لق و بەروبومەکەیەوە کردوە، تا لەدواتردا و پاڵپشت بە دەقە ئاینی و ئەفسانەییەکان شوێنێکی بەرزو پیرۆزی بۆدانراو هاتە ناو کایە جیاوزەکانی ژیان و بەو هۆیەشەوە مەودای چاندن و سودوەرگرتن لەبەرهەمەکەی سنوری حەوزی دەریای سپی ناوەڕاستی تێپەڕاند و گەیشتە شام و میسرو فەڵەستین و ئوردن و پاشان ناوچەکانی دەرەوەی خۆیان، لە زۆرێک لە ئاینەکاندا و بەدرێژایی سەردەمە جیاوازەکان زەیتەکەی بەپاکترین و باشترین ڕێگە دانراوە بۆ نیشاندانی پەیوەندی خۆیان بە خودا، بۆیە پاشاکان و شازادەکان، کەسایەتییە دیارەکان، ئەرستۆکراتەکان، پاڵەوانەکان، وەرزشوانان و پیاوانی ئاینی، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، زەیتی بۆنداریان بەکاردەهێنا بۆ نیشاندانی پیرۆزی خۆیان و پێگەی کۆمەڵایەتی بەرزیان، یەکێک بوە لە پایەکانی شارستانیەتی میسر و یۆنان، بەتایبەت لە یۆنانی کۆن گرنگی زیاتری پێدراوە، ئەمەش نەک لەبەرئەوەی پێکهاتەیەکی خۆراکی بوە کە بەزێری شل ناویان بردوە، بەڵکو بەهۆی کاریگەرییەکانی لەسەر بیری ئاینی و بیرۆکەی دوای مردنیان، ناونیشانی

توێژینەوەکە (گرنگی زەیتون و زەیتەکەی لەشارستانیەتەکانی میسرو یۆنانی کۆن)دا، کە لە سێ تەوەرەی سەرەکی پێکهاتوە: تەوەرەی یەکەم: ناوی زەیتون و مێژوی پەرەسەندنەکەی و ناوچەکانی بڵاوبونەوەی، هۆکارو پاڵنەرەکانی، تەوەرەی دوەم: پێگە ئاینیەکەی لە هەردو شارستانیەتەکەدا. تەوەرەی سێیەم: گرنگی بەکارهێنانی زەیتون و زەیتەکەی لەبوارە جیاوازەکانی هەردو شارستانیەتەکەدا.

**کلیلە وشە: زەیتون، زەیت، یۆنان، ئابوری، میسر، مۆمیاکردن**

## پێشەکی:

درەختی زەیتون ڕەگێکی مێژویی دورودرێژی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا هەیە، لە شارستانیەتەکانی میسر و یۆنانی کۆنیشدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوە، ناوچەی چاندنیشی یۆنانی کۆن بوە و پاشان میسرو ناوچەکانی تریشی گرتۆتەوە، سود لەبەرهەمەکەی بینراوە لەبوارە جیاوازەکانی ژیان وەک بۆخواردن و چێشت لێنان و جوانکاری و لایەنی پزیشکی و بیروباوەڕی ئاینیش بەدەرنەبوە لەگرنگیدان بەم دارە تەمەن درێژە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە، بۆ تێگەیشتن لە سەرچاوەی ئەم درەختە و پیرۆزییەکەی، بەو پێیەی هیچ ڕوەکێک نییە کە لە ڕوی گرنگی و پێگەیەوە بەراورد بکرێت بە داری زەیتون.

**گرنگی توێژینەوەکە**: لەوەیەدا ئەم دارە نەک تەنها وەک خۆراک، بەڵکو گرنگییە ڕۆحییەکەی و ڕۆڵی لە ژیانی ئابوریدا خراوەتەڕو گریمانەی لێکۆڵینەوەکە، هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی بەکارهێنانەکانی و هۆکارە فیکرییەکانی پشت ئەو بەکارهێنانانە.

**میتۆدی توێژینەوەکە**: ڕێگەو میتۆدەکانی نوسینەوەی مێژویی زۆر و جۆراوجۆرن، ڕەنگە لەمێژوی کۆندا نەتوانین زۆر لا لە هەمو میتۆدەکان بکەینەوە، چونکە بەشی زۆری نوسینەکان دەقی (مێژویی یان ئەدەبی)ە، بۆیە دەستکاریکردنی دەبێتە هۆی شێواندنی ڕاستییەکان، لەتوێژینەوەکەدا ڕێبازی گواستنەوە بەراورد و ڕونکردنەوەو لەهەندێک شوێنیش شیکاریمان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی بتوانین لەو باوەڕانە تێبگەین کە ئەم درەختە لێیەوە سەریهەڵداوە و کاریگەریەکەی لە دروستبونی باوەڕ لەسەر ژیانی ئەم جیهانە و باوەڕەکانی دوای مردن لای مرۆڤی کۆن چۆن بوە؟

**ئامانجی توێژینەکە**: بریتییە لە خستنەڕوی لایەنە شاراوەکانی گرنگی پێدانی ئەم دو شارستانیەتە بۆ ڕوەکێکی سروشتی کە توانیان جێگەی بکەنەوە لەناو بیروباوەڕی ئاینی خۆیان بەگوێرەی

ئەوەی ئـاین سـەرجەم بوارەکـانی ژیـانی مرۆڤـی کـۆنی داگیرکردبـو، هەمـو شـتێکیش بە ئـاینەوە بەسـترابۆوە، سـەرەڕای ئەوەی توانیـان بـیکەنە سـەرچاوەی پەیـداکردنی بژێـوی و سـەرچاوەی سەرەکی خۆراک بۆخۆیان.

**بەربەستەکانی بەردەم تـوێژینەوەکە:** نوسـینی تـوێژینەوەیەکی وەهـا کە هەم لایەنـی جوگرافیـا و مێـژو و ئـاینی و ئـابوری و کلتـوری لەخـۆی بگرێـت بێگومـان ئاسـتەنگی پەیـدادەبێت لە کـۆکرنەوەو ڕێکخسـتنی زانیـاری، سـەرەڕای نەبـونی سـەرچاوەی تـایبەت لەسـەر بـابەتی زەیتـون لەشارسـتانیەتە کۆنەکانـدا، ئەوەیشـی هەیە زیـاتر لە نێـو دێـڕی سـەرچاوەکانی دیـکەدا هەبـوە ئەمەش بێگومان توشی ماندوبونی کردوین.

**پێکهـاتەی تـوێژینەوەکە:** ئەم تـوێژینەوەیە بـێجگە لە پـوختەو پێشـەکی و دەرئەنجـام و لیسـتی سەرچاوەکان، لە سێ تەوەرەی سەرەکی پێکهاتوە بەم شێوەیە:

تەوەرەی یەکەم: نـاوی زەیتـون و مێـژوی پەرەسـەندنەکەی: تیشـکخراوەتە سـەر ناوهێنـانی زەیتـون بە شـێوە زانسـتیەکەی و لە سـەرچاوە یۆنـانی و میسرییەکانشـدا بەکـورتی ئامـاژە بەنـاوەکەی کـراوەو پاشـان لەسـەر ئەوە دواویـن مێـژوی دەرکەوتنـی زەیتـون لە ڕۆژهەلاتـی ناوەڕاسـت بەگشـتی و یۆنـان و حەوزی دەریـای سـپی ناوەڕاسـت و شـام و میسـر کەی بـوە؟ لەگەڵ ئامـاژەدان بە ناوچەکـانی بڵاوبـونەوەی و پـاڵنەر و هۆکـارە ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆکانی بڵاوبـونەوەی کـراوە، جـا لە ڕێـگەی بازرگـانی بوبێـت یـان لە ڕێـگەی دیـاری نێـوان پاشـایانی میسـرو دورگە یۆنانییەکان بوبێت کە شوێنی سەرهەڵدان و گەشەککردنی داری زەیتون بوە.

تەوەرەی دوەم: پـێگە ئـاینیەکەی لە هەردو شارسـتانیەتەکەدا: ئـاین وەک لایەنێکـی گرنگـی شارسـتانیەتەکان بێگومـان گرنگـی زۆری بە وردەکارییەکـانی نـاو کـۆمەڵگەو سروشـت داوە، هەر لە گیـانلەبەرو ڕوەک و بەرد، تـا دارو درەختـیش، بێگومـان زەیتـونیش بەچـاوێکی پیـرۆزەوە سـەیرکراوە و بە هێمـای ئاشـتی و نەمـری ستایشـکراوە سـەرەڕای ئەوەی لە پەرتـوکە پیرۆزەکانیشدا باس لە گرنگی زەیتون کراوەو لە چەندین شوێنی جیاوازدا ناوی هێنراوە

تەوەرەی سـێیەم: گرنگـی و بـایەخی بەکارهێنـانی زەیتـون و زەیـتەکەی لە هەردوک شارسـتانیەتەکە لەبـوارە جیاوازەکانـدا: تەوەرەی سـەرەکی تـوێژینەوەکەیەو بەوردی بەکارهێنـانی زەیتـون و زەیـتەکەی بـۆ جوانکـاری و بـۆ لایەنـی پزیشـکی و دروسـتکردنی مەرهەم و بـۆن و شـێلانی ئەنـدامەکانی جەسـتەو نەرمکـردنەوەی لاشـە بەمەبەسـتی خۆپاراسـتن لە وشـکبونەوەو بـۆ

بــواری خــۆراک و چێشــت لێنــان و چەنــدین بــواری دیــکە لەم تەوەرەیەدا خــراونەتە بەر بــاس و لێکۆڵینەوە.


**تەورەی یەکەم: ناوی زەیتون و مێژووییەکەی:**

درەختــی زەیتــون نــاوە زانســتیەکەی (Europaea Ollia)، کە لە وشــەی یۆنــانی (-olliuam elaia) وەرگیــراوە (لانــزا،2017، 19 و 21)لە زەمــانە جیهــانییە تازەکــانیش بە شــێوەی جیــاواز نـاوی بـراوە وەک (elaia, elaiwa, olea, oleum) بەشـێک لە کـۆمەڵگە جیاوازەکـانیش نـاوی منــداڵەکانیان بەو نــاوە نــاونراون وەکــو نــاوی ئلیــڤ، ئــۆلیڤێر، ئۆلیڤیــا، زێتــا و زەیتــون) (Effe,2011,122 ) درەختێکــی بەهێــزی ســەدان ســاڵەیەو تــا بــارودۆخی ژینگەیــی گونجــاو بێــت زیــاتر بەرگە دەگرێــت و بەرهەمــی باشــتر دەدات، قەبــارەی درەختەکــان بەگشــتی مــام ناوەنــدەو 3-6 مەتــر بەرزیــانە (EFFE,2011,111-112)، لە زەمــانە ڕۆژهەڵاتییەکــان و بەدیــاریکراویش لەنــاو زمـانی میسـری کـۆن (هیرۆغلیفـی) نیشـانەی (NHH- ئـێن ئـێچ ئـێچ)ی بـۆدانراوە، کە بەواتـای زەیـت هــاتوە، هەرچەنــدە لە فەرهەنگــی بەرلــین ئەم نیشــانەو هێمــایە بــۆ زەیتــی کــونجی بەکارهــاتوە، بەڵام ئامــاژەش بەوە کــراوە بــۆ زەیتــی زەیتــونیش بەکارهــاتوە، ئەوەی جــێگەی ســەرنجە لە مێــژوی میسـری کۆنـدا لە چـاخە بەردینەکـان بەدەگـمەن نـاوی زەیتـون دۆزراوەتەوە ((واتـا پـێش پەیـدابونی نوســین دانیشــتوان ســەرەتای نیشــتەجێبون و ئاشــنابونیان بــوە بە کشــتوکاڵ، هەر لەو قۆناغەشــدا نوسـینی وێنەیـی و پاشـان قۆنـاغی لێکچـوی نوسـین پەیـدابوە بـۆیە لەسـەردەمی ئەو چاخـانەدا نـاوی زەیتــون نەبــوە تەنــانەت بەشــێوەی وێنەیــیش نەکێشــراوە، چــونکە بەرامــبەر هەر ناوێــک وێــنەیەک دروســتکراوە لەم قۆنــاغەدا تەنهــا نوســینی وێنەیــی هەبــوە))، ئەمەش ڕای زانــا و تــوێژەرانی جیــاواز و بەگومــان کــردوە، لەســەر ناوهێنــانەکەی، بۆنمــونە وشــەی (NHH) لە بنەمــاڵەی هەژدەهەم و لەســـەردەمی پاشـــا تحۆتمســـی ســـێیەم (1479-1425پ.ز)، لەســـەر پـــارچەبەردێکی جـــۆری ئوســتراکا و پاشــان لەســەر پــارچە گڵێــنەیەک دۆزراوەتەوە لە نــاوچەی طیــبەو و لەســەردەمی پاشــا ڕەمسیســی دوەم (1197-1165 پ.ز) بەخەتــی هیراتیقــی نــاوی زەیتــون نوســراوە ئەویــش لە (گردی عەمارینە*) دۆزراوەتەوە، (Petrei,1894، 68).




وێنەی ژمارەی 1: Petrie,f,Tell el Amarna,1894,p:58,67,68

بەگـوێرەی نوسـراوێک لە پەرسـتگەی خواوەنـدی شـاری هلیوپـولیس بێـت دار زەیتـونی شـارەکە لە باشـترین جـۆری دار زەیتونەکـان بـوەو باشـترین جـۆری بەرهەم هێنـاوە (Giorgos,2017,7) وێنەی ژمارە 2



نوسراوەكانی سەر دیواری پەرستگەی شاری هلیوپولیسGothin M.I,1913,P:892:

سەبارەت بە ناوچەی یۆنانیش سەرجەم زانایانی بواری جیناتناسی و شوێنەوارناسی و جوگرافیناسی و ڕوەكناسی، هەوڵیانداوە بگەنە ئەنجامێك سەبارەت بە دیاریكردنی بنەچەو سەرچاوەی سەرەكی زەیتون كە پەیوەندی نزیك هەبێت لە نێوان شارستانیەتەكانی مرۆڤ و چاندنی زەیتون، هەندێك پێیانوایە لە فینیقیاوە گەیشتۆتە یۆنان بەڵام ڕای ڕاست ئەوەیە زەیتون یەكەم جار لە یۆنانەوە سەریهەڵداوەو ئاشنابون پێی، لەكاتی كنەو پشكنیندا بەڵگەی ئەوەیان دەستكەوتوە كە لە دەوروبەری ساڵی 3500پ.ز، لە دورگەی كریت وكۆشكی مینوس لە كونسوس دەنكە زەیتون لە قوڵایی دورگەی كریت دۆزراوەتەوە، بەڵام لەسەرەتادا بە شێوەی خۆرسكی بوە كە لای یۆنانییەكان بە زەیتونی كێوی ناسراوەو پاشان لە دورگەی ئیجەوە

دەســـت بەچانـــدنی زەیتـــون كـــراوە، لقێكـــی دار زەیتـــونی بەبەرد بـــو دۆزراوەتەوە كە مێـــژوەكەی بۆپەنجا هەزار ساڵ پ.ز دەگەڕێتەوە (الدلفی،2023، 309).

لە میســـری كـــۆن و لەســـەردەمی هەردو پاشـــا (تحۆتمســـی ســـێییەم )و (تحۆتمســـی چـــوارەم (ئەخنـــاتون)، دواتـــریش (رەمسیســـی دوەم)، پەیوەنـــدی دبلۆماســـی و بازرگـــانی بەڵـــگەدارو گرنـــگ لە نێـــوان میســـرو یۆنـــان بەتـــایبەت دورگەی میســـینیدا هەبـــوە، كە لەوێـــوە زەیتـــون پێشكەشـــی پاشـــایانی میســـر كـــراوە، ئەمەش ئەوە ڕونـــدەكاتەوە دەركەوتنـــی زەیتـــون لە میســـر نەک هەر گرنگیـــدانی پاشـــاو فیرعەونەكـــانی میســـر بـــۆ زەیتـــون دەردەخـــات، بەڵكـــو ئەوەش دەخـــاتەڕو كە میســـینیەكان بە شـــێوەیەكی ناڕاســـتەوخۆ ڕۆڵیـــان هەبـــوە لە بڵاوكـــردنەوەو چانـــدنی زەیتـــون بەدۆڵـــی نیلـــدا و ڕاســـتەوخۆ ڕۆڵیـــان هەبـــوە لە نـــاردنی لقـــی دار زەیتـــون بـــۆ نـــاوچەكە (Kelder,2009,339-342)، هەروەهـــا لە یۆنـــانەوە گڵێـــنەی مـــوكینی میســـینی یەكەم جـــار لە لە گـــردی عەمـــارینە دۆزراونەتەوە (عاشـــور،د.ت، 7)، هەنـــدێک بەڵـــگە پشـــتی ڕاســـتی دەكـــاتەوە كە بەرهەمـــی كریتـــی و قـــوبرس گەیشـــتونەتە میســـر بۆنمـــونە بەشـــێک لەو بەڵگـــانە بریتیبـــون لە نـــاردنی بـــاجی (رســـومات)ی شـــازادە تنـــی یـــان تینـــای كریتـــی یـــان خـــاتی) كە دوای هەڵـــمەتەكەی بـــۆ وڵاتـــی شـــام گەیشـــتۆتە دەســـت تحۆتمســـی ســـێیەم، كە كەلـــوپەلی كـــانزایی بە نرخـــی لەخۆگرتبـــو وەک دیـــارییەک بـــۆ پاشـــا هـــاتوە لە تۆمارەكـــانی تحۆتمســـی سێیەمیشـــدا ئامـــاژەی پێكـــراوە، دوەم، ئەو نێـــردراوانەی لەلایەن ئەمنحـــوتێبی ســـێیەمەوە نێـــردراون بـــۆ ســـەردانی تینـــی یـــان تینـــای كریتـــی و هێنـــانی تابلۆكـــانی فـــاینس كە (بە تابلۆكـــانی فـــاینس ناســـراون) بـــۆ پـــایتەختەكەی، ئەمەش گرنگیـــدانی میســـر بـــۆ دەریـــای ئـــیجە ڕونـــدەكاتەوە، ســـێیەم: هەروەهـــا چەنـــد دەفرێكـــی یۆنـــانی بـــۆ مسـر نێـــردراون كە دەفـــرە یۆنانییەكـــان زەیتـــی زەیتـــونی (بۆنـــدار)یان تێـــدابوە وەک دیـــاری بـــۆ خوشـــكی ئاخنـــاتون نێـــرداون (kelder,2009,345,346,347).

بەڕای شوێنەوارناسان مێژوی چاندنی زەیتون بۆ 8000 هەزار ساڵ پێش زاینی دەگەڕێتەوە، بەگوێرەی ئەم ڕایە بێت یەكەمین درەختی ناسراو بوە كە پێش پەیدابونی نوسین بونی هەبوبێت( Effe 125 ,2011,...)، بۆچونێكی دیكەش پێیوایە دار زەیتونی چێنراو لە دەروبەری 7000-6000 پ.ز. لە ڕۆژهەلاتی دەریای ناوەڕاست چێنراوە و پاشان پەرەیسەندوەو بۆ دورگەی كریت و یۆنان و لەوێدا بڵاوبۆتەوە (Girogios,2017, 5)، هەروەها سەرچاوەیەكی تریش جەخت لەوە دەكاتەوە كە 6000 هەزار ساڵ پێش زاینی و پێش پەیدابونی نوسین چێنراوە (Anagnostopoulos,1951, 224)، تەنانەت (لانزا) بۆ دە هەزار ساڵ پێش زاییني مەزەندەی كردوە،(2017،11 )، ((وەک پێشتریش ئاماژەی پێكرا پێدەچێت

ناسینی بۆ سەرەتای نیشتەجێبونی مرۆڤ و سەرەتای ئاشنابونیان بەکشتوکاڵ بگەڕێتەوە، ئەمە جگەلەوەی هەبونی درەختەکانیی تریش کە لێکۆڵێنەوەیان لێبکەین بە بێگومانی مێژوی هەریەکەیان بۆ ئەو سەردەمە زوەو کۆنتریش دەگەڕێتەوە))، سەبارەت بەناوچەکانی بڵاوبونەوەشی لە زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە کراوە ناوچەی سەرەکی داری زەیتون حەوزی دەریای سپی ناوەڕاستە، بەگشتی و بەدیاریکراویش وڵاتی شام و فەلەستینە، لەوێوە دەستکراوە بەچاندنی، هەروەها وڵاتی ئوردن کشتوکاڵ و چاندنی داری زەیتونی لە ڕێگەی دێمی و ئاودێریەوە کردوە بە سودوەرگرتن لە ڕاکێشانی جۆگەکانی ئاودێری، وەک گوتراوە لەوێوە گواستراوەتەوە بۆ میسر و پاشان لە ناوچەی فیوم و مەریوت و سیوە و دەلتا بڵاوبۆتەوە و لەوێشەوە بەرەو کەناراوەکانی باکوری ئەفریقیا (الخطاب،1985، 136)، جوگرافیناسی ڕۆمانی سترابۆ لەسەدەی یەکەمی پ.ز سەردانی میسری کردوەو باسی ناوچەی فیومی کردوە کە یەکەمین ناوچەی گونجاوە بۆ گەشەکردنی زەیتون بەهۆی زۆری شێ و گونجاوی ئاووهەواکەی ئەمەش وادەکات کە بەرهەمێکی زۆر بدات (الخطاب،1985، 153–154)، لە کاتێکدا هەندێک پێیانوایە کە زەیتی زەیتون لە شانشینی میتانی (باکوری سوریا)ەوە هاوردەکراوە بە پشتبەستن بە دو نامەی دۆزراوە لەگردی عەمارنە، ئاماژە بە زەیتی تامدارو خۆش دەکات کە لە چوارچێوەی ئاڵوگۆڕ و دیاری شاهانەی نێوان توشراتا (1365–1335پ.ز) پاشای میتانی بۆ میسر نێردراوە (لەبەرئەوەی درەختێکی خۆڕاگرو بەتوانایە و بەرگەی کەشوهەوای جیاواز دەگرێت بۆیە لەدەرەوەی حەوزی دەریای سپی ناوەڕاستیش دار زەیتونی ڕەسەن دۆزراوەتەوە وەک ناوچەکانی ئیسپانیاو پورتوگاڵ و عێراق و ئێران و تورکمانستان، هەروەها گەیشتۆتە ئەمریکا، هەروەها لە ناوەڕاست و باشوری ئەفریقاو ڕۆژئاوای خەزەرو قەوقازو سودان و ئەسیوبیا (Girogios,2017, 4–6)، وەک سترابۆش ئاماژەیپێکردبو زەیتون پێویستی بەناوچەی باش هەیە بۆ گەشەکردنی و بە درەختێکی نمونەیی وەسفی کردوە (عاشور،د.ت،4) بەگوێرەی سەرچاوەکانی ئاماژەپێکراو بێت بە نزیکە (1500) جۆر دار زەیتون لەلایەن مرۆڤەوە چێنراوە، ئەمەش وایکردوە بەم جۆرە بەربڵاو و فراوانییەوە بەناوچەکاندا بڵاوببێتەوە، پشکی شێریش بەر دانیشتوانی حەوزی دەریای سپی ناوەڕاست بکەوێت، کە ڕۆڵیان هەبوە لە ناساندن و بڵاوکردنەوەی، وەک هیتیەکان (حیسیەکان) لە سوریاو ئەنادۆڵ و جولەکەکان و فینیقییەکان و هێلینییەکان و ڕۆمانەکان و شانیشنی ئێبلا لە باکوری سوریا لە نزیک حەلەب کە لەهەزاری سێیەمی پ.ز زەیتونیان بەرهەمهێناوە کە لەپلەی سێەمی بەرهەمهێنەرانی زەیتون بون ( Breton, Warnock,2012, 19–20)، چەند شارێکی کوردستانیش بێبەش نەبون لە چاندنی داری زەیتون و بەرهەمەکەی ئەوەتا شارەکانی مێرسین و هاتای و مەرەش و ماردین لە باکوری کوردستان لە دەوربەری ساڵی 6000 پ. ز زەیتون تیایاندا بڵاوبۆتەوە (Effe …,2011, 121).

**تەوەرەی دوەم: گرنگی و پێگەی زەیتون لەبیروباوەڕی ئاینی هەردوک شارستانیەتەکەدا:**

گەر سەرنجێک بدەینە پەرتوکە ئاسمانیەکان گرنگی و بایەخی تایبەتیان بە داری زەیتون داوەو و بەڕوەکێکی پیرۆز ستایشیان کردوە، بەهێمای بێدەنگی و ئارامی و ئاشتی و بەردەوامی دانراوە، چونکە توانای بەرگەگرتنی زۆری هەیە و هەرچەندە لقەکانی پارچە پارچە بکرێت، بەڵام سەرلەنوێ نوێ دەبێتەوە، لە پەیمانی کۆن (العهدالقدیم=تەورات) و ئینجیل و قورئانی پیرۆزیشدا باسکراوە بۆنمونە لە قورئانی پیرۆز لە سورەتی الانعام لەئایەتی (99 و ئایەتی 141) و پاشان و لەچەندین ئایەتی تریش لەسورەتەکانی وەکو النور و سورەتی التین و سورەتی عبس ئاماژەی پێکراوە (غزالە،12،٢٠١٩-13)، لەپەیمانی کۆنیش لە پازدە شوێن ناوی هاتوەو وەک (سفر الخروج ئایەتەکانی 24- 30 و-35-37-37، لە سفر لایین لە ئایەتەکانی 12-14-15-18-24- و لە سفر العدد لە ئایەتەکانی 6-15- و 9-15) لە ئینجیلدا لە سێ شوێندا وەک (متی لە ئایەتەکانی 1-21 و لەمرقس لە ئایەتەکانی 1-11 و لە لوقا لە ئایەتەگانی 19-29) ناوی هاتوە، ئەمەش بەهۆی بونی پێگەیەکی گرنگ و گەورەی زەیتون لەناو ژیانی خەڵکی کەڵکیان لە درەختەکەو بەرهەمەکەی وەرگرتوە لەدروستکردنی خۆراک و بەکارهێنانی لەبورای خانوبەرەو دەرگەو کەلوپەلی جەنگی و ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بەشوێنە پیرۆزەکانەوە هەبوبێت (غزالە٢٠١٩، 23).

بەسەرنجدان لەسەرچاوەکۆنەکانیش ئەوە ڕوندەبێتەوە هیچ دارێک بەقەت زەیتون، نەبۆتە بابەتی ئەفسانەیی و چیرۆکی لەسەر دانەنراوەو نەگەیشتۆتە ئاستی پیرۆزی و تەنانەتە پەیامبەران و پاشاو فیرعەونەکان و ئەدەبزان و هۆزانزانە یۆنانییەکانیش باسیان لێوەی کردوە، بۆنمونە لەئەدەبیاتی یۆنانیدا بەدو ئەفسانەی جیاواز باس لە دار زەیتون کراوە لەیەکەمیاندا باس لە زەیتونی شێوە خۆرسکی یان، کێوی و لە دوەمیاندا باس لە زەیتونە چێنراوەکان کراوە، لەئەفسانەی یەکەمدا یەکێک لە خواوەندەکانی یۆنان بەناوی هێرۆکلیس لەکەناری ڕوباری دانوب گەڕایەوە بۆ یۆنان دارێکی زەیتونی کێوی واتا خۆرسکی لەگەڵ خۆی هێناوە لە ئۆڵۆمپیا چاندویەتی، ئەمەش دەیکەنە بەڵگەی ئەوەی یۆنانیەکان یەکەمین کەس بون بەرکەوتنی سەرەتاییان بەداری زەیتون هەبوە پاشان لە قۆناغی دوەم و دوای گەرم بونی. ئاووهەوا چاندنی دار زەیتونەکان لەکەناراوەکانی باکوری ڕوباری دانوب دەستی پێکردوە، بۆیە بەڕێگەی ئەم ئەفسانەیەوە یۆنانییەکان پیرۆزی دار زەیتون لە هزر و بیریاندا چەکەرەی کردوە (Giogos,2017,12)، پاشان فێری بڕینی لقەکانی بون کە وەکو تاج بەکاریاندەهێناو

دەبەخشـرایە بـراوەی یـاریە ئۆلۆمپییەکـان، هەرچـی ئەفسـانەی دوەمە بـاس لەسـەرهەڵدانی چانـدنی و بڵاوبـونەوەی دار زەیتـون دەکـات کە دەگـرێتەوە بـۆ بـونی ململانێـی نێـوان دو خواوەنـد ئەوانـیش خواوەنـد بۆسـێدن و خواوەنـد ئەسـینا کە کامیـان دەتـوانن ببـنە خـاوەنی شـارێکی تـازە دروسـتکراو بەگـوێرەی ئەفسـانەکە بێـت ئەنجـومەنی خواوەنـدەکان بڕیاریـدا کـێ باشـترین دیـاری بـۆ شـارەکە بهێنێـت. ئەو دەکـرێتە خواوەنـدی شـارەکە( 12,2017KostelenosGiorgos, )، پاشـان خواوەنـد ئەسـینا لقـی دار زەیتـون وەک دیـاری بۆشـارەکە دەهێنێـت، چـونکە پێیوابـوە زەیتـون هێمـای ئاشـتی و شارسـتانیەتەو بـۆیە وەک خواوەنـدی شـارەکە دیـاری دەکرێـت ( ...124,;2011Effe؛ عبدالحمیـد، ٢٠١٩، 80). هەروەهـا درەختـی زەیتـون پەیوەنـدی بەخواوەنـد ئاریستایوسـی کـوڕی خواوەنـد ئـاپۆلۆوە هەیە، کە خواوەنـدێکی گوندشـین و پـارێزەری هەنگەکـان بـوە، ژمـارەیەک کـاری هـونەری تـایبەت بەم خواوەنـدە دۆزراوەتەوە لەگونـدەکان خەریکـی چانـدنی داری زەیتـون بـوە (حاتم،١٩٨٨، 94).

زەیتـون لەلایەن زۆرێـک لەبیرمەنـدە هونەرمەنـدو مێژونـوس و هـۆزانزانە یۆنانییەکـانەوە بـایەخی پێـدراوە کە (لەتەوەرەی دواتـردا ئامـاژەی پێـدەکرێت)، بەلای یۆنانیەکـانەوە هەر منـداڵێک لە ژێـر درەختێکـی زەیتـون لەدایکبوبێـت ئەوە منـداڵێکی پیـرۆز و لە خێزانێکـی پیـرۆزە بـۆیە بڕوایـان وایە خواوەنـدەکان و نـیمچە خواوەنـدەکان لە ژێـر داری زەیتـون لە دایکبـون، بـۆیە لەدایکبـون لەژێـر ئەو درەختـە ئامـاژە بـو بە ڕەچەڵەکـی خواوەنـدی چـونکە هەردو خواوەنـدی دوانە. ئـارتمیس و ئـاپۆلۆ لە ژێـر سـێبەری داری زەیتـون لەدایکبـون بەمەشـە بـونەتە خواوەنـدو لەنەوەی خواوەندەکانن (لانزا، ٢٠١٧، 27).

لەمیسـری کـۆنیش بڵاوبـونەوەی داری زەیتـون لە سـەردەمی ئاخنـاتون یەکـدەگرێتەوە لەگەڵ پەیـدابون و سـەرهەڵدانی بیـری ئـاتونی کە تـایبەت بـو بە نوێبـونەوە و دەرکەوتنـی ئـاینێکی تـازەو بەردەوام، ئەمە تایبەتمەنـدی داری زەیتـونی هەمیشـە سـەوزە بە هەمـان هۆکـار تـوت عـنخ ئامونیش لقەکانی زەیتونی لە نێوگۆڕەکەیدا دۆزراوەتەوە(kelder,2009,9).

لەبەرئەوەی زەیتـون تـایبەت بـو بەخوداوەنـد ئەسـیینا، خوداوەنـدی حـیکمەت و دانـایی بـۆیە لە ڕوانـگەی ئـایینیەوە، هێمـایەکی خـودایی بـوە، وەک چـۆن ئـایین و پیـاوانی ئـاینی ڕێنمـایی ڕۆژانەی خەڵکیـان دەکـرد بە بەکارهێنـانی زەیتـون و زەیتـی زەیتـون بـۆ خـواردنەوە و کـارو چالاکیەکانیـان، زەیتـون لەکـاتی نـوێژ و ڕێوڕەسـمەکاندا پێشـکەش بە خوداوەنـدە یۆنانییەکـان کـراوە، بەو پێـیەی

ڕوەکـی پیـرۆزی خوداوەنـدی ئاسـینابوە ((الـدلفی ٢٠٢٣، 312)، لە ڕوانگەیەکـی تـری ئـاییینیەوە، بە لەبەرچـــاوگرتنی ئەوەی کە دار زەیتـــونەکە دوای ســـوتانی پەرســـتگای ئەســـینا لەخــــۆوە ســـەریهەڵداوە و گەشـــەی کـردوە، ئەوا هێمـــای ڕونـــاکی و نوێبونەوەبـوە( Bartolini & (2002, VII Petruccili,

**تەوەرەی سێیەم: گرنگی بەکارهێنانی زەیتون و زەیتەکەی لە هەردوک شارستانیەتەکە لەبوارە جیاوازەکاندا:**

گەلـی یۆنـان گرنگیـدان و چـاودێریکردنی داری زەیتونیـان لە سـێ خـولی ژیـانی خۆیانـدا بینـوەتەوە کە ڕۆڵـی هەبـوە سـەردەمی یەکەم، کە منـداڵە تـازە لەدایکبوەکـان لەدایکـدەبون لقێکـی زەیتونیـان پێـدەدرا وەک پیـرۆزی، سـەردەمی دوەم: کاتێـک براوەکـانی یـارییە ئۆلۆمپیەکـان سـەرکەوتنیان بەدەسـت دەهێنـا دارێکـی زەیتـون و تـاجێکی وەردەگـرت بە گەڵای زەیتـون ڕازاوەتەوە وەک یادگـاری، سـەردەمی سـێیەم سـەبارەت بە مردوەکـان و ژیـانی دوای مردنبـو، کە تـاجی زەیتـون و گەڵاکـانی دانـراوە لەگەڵیـان وەک هێمـایەک بـۆ سـەرکەوتنەکانیان لە شـەڕی ژیانیاندا (الدلفی:2023، 312).

دەربـارەی مسـریش وەک سـترابۆ باسـی کـردوە زەیتـون لە پـارێزگەی طیبـە گەشـە کـردوە، بەڵام لە ڕوبـارەکەوە ئـاو نادرێـت، بەڵکـو لە بیرەکـانەوە ئـاودێری دەکرێـت، هەروەهـا لەنـاوچەی دار بلـوط و بورسـا و دەبینـرێن و برێکـی زۆری زەیتـونی ئەو ناوچـانە بـۆ پەرسـتگەکان تەرخـانکراوە بـۆ خـواردن کە لەڕێـگەی پەسـتان خستنەسـەر زەیتـونەکە ڕۆنەکەی بەرهەمهێنـراوە، بەڵام زەیتونەکـانی لە نـاوچەی فیـوم گەشـەیان کـردوە ڕۆنیـان کەمتربـوە، لە کاتێکـدا زەیتونەکـانی ئەسـکەندەریە زەیتیـان نەداوە هۆکارەکەشـی ئەوەبـوە خـاکەکەی توشـی شـۆرەکات و بەرزی ڕێـژەی خـوێ بـوە، پیـاوانی ئـاینی زەیتونیـان وەک دەرمـان و خـۆراک بەکارهێنـاوە، بەتـایبەت بـۆ چارەسـەری جـگەر و بـۆ بەهێزکردنـی قـژو وەک چارەسـەرێکیش بـۆ دژە کـۆکە بەکاریانهێنـاوە (خطـاب1985, 153-154)، هەورەهـا بە چەورکردنـی پەرۆیەک بە زەیتـی زەیتـونەکە بـۆ داگیرسـاندنی ئـاگری پەرسـتگەکان بەکاریانهێنـاوە، بـۆ خـواردن و چێشـت لێنـانیش بەباشـترین زەیـت دانـراوە، بـۆنیش لێـی دروسـتکراوە چـونکە زەیـتەکەی بە باشـترین زەیـت دادەنرێـت بـۆ لاشـە، بەڵام لەبەر ئەوەی زەیتـون میـوەیەکی گرانبەهـابوە لەمیسـری کـۆن تەنهـا کەسـانی دەوڵەمەنـد بەکاریانهێناوە و توانیویانە زەیتەکەی دەربهێنن و چێژی لێوەربگرن (نظیر،1970، 94).

هەنـــدێک پشتڕاســـتی دەکەنەوە، داری زەیتـــون لە ســـەردەمی شانشـــینی نـــۆزدە و بیســـتدا لە فەلەســـتینەوە بـــۆ میســـر گواســـتراوەتەوە، بەو پێـــیەی پێـــدەچێت یەکێـــک لە پاشـــاکانی شانشـــینی نـــۆزدەهەم دار زەیتـــونەکەی هێنـــاوە بـــۆ میســـر دوای ســـەرکەوتنی بەســـەر فەلەســـتین، وەک شـــەرەف بـــۆ ئەم دارە فەرمانیـــدا کە مۆمیـــا لە زەیتـــی زەیتـــون وگەڵاکـــانی زەیتـــون بێـــت. ئەمەش پشتڕاســـت کـــراوەتەوە کاتێـــک لە گـــۆڕی تـــوت عـــنخ ئـــامون لقـــی دار زەیتـــونی تێـــدابوە هەر لە شـــاری تیـــبس ژمـــارەیەک مۆمیـــای تێـــدا دۆزرایەوە کە مێژوەکەیـــان دەگەڕێـــتەوە بـــۆ بنەمـــاڵەی بیســـت تـــا بیســـت و شەشـــەم، بە دەســـتە گـــوڵ دەورە دراون کە لە گەڵا و لقەکـــانی زەیتـــون و لەگەڵ هەنـــدێک خورمـــای بەپەڕۆی پێچـــراو و چەپـــکە گـــوڵێکی دیـــکە لە یەکێـــک لە گۆڕەکـــانی ســـەردەمی بەتلیمـــۆس دۆزراوەتەوە کە لە گەڵای زەیتون بوە (عاشور،د.ت،8).

واتـــا مـــاددە ڕوەکییەکـــانی وەک زەیتـــون و کەتـــان لە پرۆســـەی مۆمیاکردنـــدا بەکارهـــاتون بـــۆ چەورکردنـــی لاشـــەی مـــردوەکەو مـــانەوەی بە جـــوانی و بۆنخۆشـــی بەتـــایبەتی بـــۆ ســـەرپەنجەکانی قاچی بەکارهاتوە، (السلماني. 2021،310).

لە دەقە دۆزراوەکـــانی گـــۆڕی (رعـــی) لە گۆڕســـتانی نـــاوچەی شـــێخ عەبـــد القـــرنە (لەکەنـــاری ڕۆژئـــاوای طیبـــة لە میســـری ســـەرو) ئەوە دۆزراوەتەوە کە لە ســـەردەمی ئـــامنحۆتیبی یەکەمەوە تـــا تحۆتمۆســـی ســـێیەم (کە ئەم کەســـایەتیە واتـــا ڕعـــی بەڕێـــوبەری کـــۆگەی زەوییەکـــانی ئـــامنحوتێبی یەکەم بـــوە (حســـن،2001،ج4،335-336)، لەگەڵ چەنـــد کەســـێکی نزیکـــی دەوربەری پاشـــا هەمـــو ڕۆژێـــک ڕەزامەنـــدی پاشـــایان وەرگرتـــوە، لەســـەر مێـــزی پاشـــا دانیشـــتوە و نـــان و جۆرەهـــا خـــواردنی وەک گۆشـــت و ســـەوزە و میـــوە و هەنگـــوین و نـــانی بـــێ خەمیـــرە و شـــەراب و زەیتـــی خـــواردوە، ئەمەش وەک بەڵـــگەیەکە لەســـەر ئەوەی کە فیرعەونەکـــانی میســـر زەیتـــی زەیتـــون و زەیتونیـــان لەســـەر ســـفرەو خوانەکانیـــان هەبـــوەو خواردویـــانە وە لەیەکێـــک لە دەقەکـــانیش ئامـــاژە بەوە کـــراوە ((هەمیشـــە نـــانی تـــازەو گۆشـــتی مانگـــاو شـــەراب و شـــیرینی و زەیـــت و (چـــونکە زەیتـــی خـــروع و کـــونجی و جـــۆری تریشـــیان بەکارهێنـــاوە) و زەیتـــون و زەیتەکەشـــیان خـــواردوە و ئامـــادەبوە لەبەردەمیانـــدا، زۆرجـــار گەڵا و لقەکـــانی زەیتـــون لە نێـــو کۆشـــکەکانی پرســـەدا دۆزرانەونەتەوە ئەو تـــاجەی کە لە بەشـــی پێشـــەوەی مـــردوەکە دانرابـــو وەک بەڵـــگەیەک بـــوە لەســـەر کەســـەکە، کە دورە لە گونـــاە، بـــۆیە تـــاجی زەیتـــون لە گۆڕەکەیـــدا دروســـتکراوە، تـــاجی تـــوت عـــنخ ئـــامون کە لەگۆڕەکەیـــدا دۆزرایەوە لە لقـــی زەیتـــون بـــوە، هەروەهـــا لە نزیـــک نـــاوچەی فیـــوم هەویرێکـــی کێـــک دۆزراوەتەوە، مێـــژوەکەی دەگەڕێـــتەوە بـــۆ ســـەردەمی یۆنـــانی-ڕۆمـــانی کە لەمیســـر فەرمـــانرەوابون کە لە

پاشـــماوەی زەیتـــون دروســـتکرابو دوای پەستانخســـتە ســـەری ئێســـتا لە مۆزەخـــانەی کشـــتوکاڵی قـــاهیرە پـــارێزراوە. (عاشـــور،د.ت،14–24)، هەروەهـــا هەر لە گـــۆڕی تـــوت عـــنخ ئامونـــدا، لقـــی زەیتونەکـان بەشـێوەی چەپـکە گـولێکی جـوان پێچرابـونەوە وە لەسـەر تابوتەکەشـی تـاجە گـولێنەی لەگەڵای زەیتـــون دۆزرایەوە، جـــگەلەوەش دەســـتە گـــولێکی گەورە لە لقـــی داری بورســـا و چەنـــد لقێکـی بچـوکی زەیتـون، لەسـەر دیـواری ژوری پێشـەوە لە تەنیشـت یەکێـک لە پەیکەرەکـانی هەردو لای ژوری ناشتنەکەیدا دۆزرایەوە (حسن،2001، 87–88).

میســـرییەکان بەردەوام بـــون لە چانـــدنی داری هەنـــار و زەیتـــون و ســـێو کە لە ســـەردەمی هیکسۆسـدا هـاتبونە نـاو میسـرەوە و بەرهەمـی باشـیان هەبـو، پـێش ئەوەی میسـرییەکان درەختـی زەیتـون بناسـن، خەریکـی چانـدنی دارەکـانی تـر بـون کە ڕۆنیـان بـۆ دابـین دەکـرد، (مونتیـە،1965، 110).

هەر لەمیســـری کـــۆن قوتابیـــانی قوتابخـــانە و پیشـــەوانان لە ژێـــر ڕۆشـــنایی چراکانـــدا کارەکانیـان تەواودەکـرد و ئەوانـیش ڕۆنیـان بەکاردەهێنـا بـۆ داگیرسـاندنی سـودیان لە زەیتـی خـــروع و زەیتـــی زەیتـــون وەرگرتـــوە، یەکێـــک لە گۆڕەکـــانی شانشـــینی یەکەمـــدا چرایەکـــی بەردی دۆزراوەتەوە کە لە شـــێوەی بەلەمێکـــدابو کە ئەڵقەیەکـــی ئاســـۆیی بـــۆ دانـــانی فتـــیلەکەی هەبـــوە، لە مۆزەخـــانەی لـــۆڤەر لە پـــاریس پـــارێزراوە هەروەهـــا کـــوپێکی بچـــوکی شـــێوە تەختـــی لە گـــڵ دروســتکراو دۆزراوەتەوە کە پاشــماوەی فتیلەکانیــان لەســەر ســەرە ڕەشــەکانیان لکــاوە مــاوەتە، بە ڕۆن چەورکرابـون ئەمـانە لەو جـۆرە چرایـانە بـون کرێکـارانی گۆڕسـتان لەکـاتی گـۆڕ هەڵکەندنـدا بەکاریانهێناوە، (مونتیە،1965، 122).

لەمیســر جۆرێــک چــرا هەبــوە، تــایبەت بــوە بەقوربــانیکردن کە بە (مصــابیح النذریــة) وەک هێمـایەک بۆقوربانیـدان ناسـراوە، تـایبەت بـوە بە خوداوەنـدی خـۆر ڕا –ع ، لەو چرایـانە بـون بەڕۆنـــی ئەو هەزاران دار زەیتـــونە ئیشـــیان کـــردوە کە ڕامسیســـی یەکەم چانـــدویەتی، لە نێـــو ئەو چرایـــانەی کە لە ئەنجـــامی کـــنەو پشـــکنین و هەڵکەنـــدنەوە دۆزرایەوە، لەلایەن شوێنەوارناســـێکی بەریتـانی بەنـاوی (هـوارد کـارت)ەوە کاتێـک گـۆڕی تـوت خنـع ئـامونی لە سـاڵی ١٩٢٢ دۆزرایەوە سـوتێنەرێک بـو لە شـێوەی گـوڵی نیلـوفەردا بەشـێوەیەکی جـوان و سـەرنجڕاکێش دروسـتکراوە، ســێ دەســکی هەبــوە بە ڕۆنــی زەیــت ئیشــی کــردوە، ئێســتاش لەمۆزەخــانەی قــاهیرە پــارێزراوە (کوفمـــان،2012، 57)، لە چەنـــد ســـەرچاوەیەکی پزیشـــکی میســـری باســـیان لە چارەســـەرکردن بە

گیا جۆراوجۆرەکان کردوە، جا چ بە خواردنەوە، یان خواردن، یان بەکارهێنانی بە شێوەی سەر لاشە بوبێت، تەنها لە پاپیرۆسی پزیشکیدا، لیستی درێژی جۆرە جیاوازەکانی ڕوەک و بەکارهێنانیان لە پزیشکیدا هەبوە، وەک ڕەگ، لق، گەڵا، میوە، دانەوێڵە و تەنانەت توێکڵەکانیشی لەخۆگرتبو. لەنێو ئەو بەهاراتانەی کە لە چارەسەرکردندا بەکارهێنرابون دارچین و زەنجەفیل، دۆزرایەوە، جگە لە سێو و خورما و هەنجیر و زەیتون (مانکە،١٩٩٣، ١٢٩)، لەمیسری کۆندا لە هەر هەنگاوێک لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا ڕێوڕەسمێکی بۆ ئەنجامدراوە، لە چنینی زەیتونیشدا بەپێی یاسایەکی تایبەت بو کە دەبوایە پاکەکان زەیتونەکان لێبکەنەوە، جگەلەوەش دەبو کرێکارەکان قژ و دەموچاو و پێیەکانیان بە زەیت چەوربکەن(کوفمان،2012، 44).

لە یۆنانیش زۆربەی بەرهەمی زەیتون تەرخانکراوە بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆنەکەی، کە بۆ چێشتلێنان وەکو زەیت و لە ئامادەکردنی مەرهەم و کرێمی بۆنخۆشیشدا بەکارهاتوە، پیاوانی ئاینیش لە ڕێوەسمە ئاینیەکاندا بەکاریانهێناوە، ئەمەو سەرەڕای بەکارهێنانی لە بابەتە پزیشکییەکانیدا وەک چارەسەرکردنی جگەر و قەبزی و دەرمانی دورخستنەوەی کرم (نظیر1970، 94) و بۆ چارەسەرکردنی سوتاوی و برین، گوڵەکانی لە دروستکردنی بۆنیشدا بەکاردەهێنرا (عاشور د.ت،24 ) هەروەها وەک سوتەمەنی بۆ ڕوناکییش بەکاردەهێنرا، لاشەی وەرزشوانانیشی پێ چەورکراوە بەمەبەستی دەرخستنی جوانی لەش و لاریان، هەروەها دوای تەواوکردنی پێشبڕکێکان بە ئامێری ڕشێنەری تایبەت ڕۆنەکە لە جەستەیان دەڕشێنرا. لە مۆزەخانەی ڤاتیکان پەیکەری وەرزشوانێکی تێدا هەڵگیراوە کە چەقۆیەکی بە دەستی چەپی گرتوە بۆ لابردنی سەری بوتڵێکی ڕۆن، هەروەها یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکان دوای حەمامکردن لاشەیان بە زەیتی زەیتون مەساج کردوە، بۆ پاراستنیان لە سەرما (عبد ربە2009، 436 و مابعدها).

لە مێژوی یۆنانییدا زەیتون بەو بەخششە وەسفکراوە کە لە خوداوەندەکانەوە وەریانگرتوە بەپێی بیروباوەڕی خۆیان، پێگەی گەورەی ئەو لە ڕێگەی چەندین بەکارهێنانی میوە و ڕۆنەکەیەوە پیشان دراوە، وەک چۆن زەیتون بەشداری کردوە لە گەشەسەندنی کولتوری یۆنان، بەم شێوەیە هەمو کولتورەکانی حەوزی دەریای ناوەڕاستی گرتۆتەوە، مرۆڤ فێری ئەوە بوە هەمو بەشێکی ڕوەکەکە بەکاربهێنێت، میوەکە و ڕۆنەکەی بۆ خواردنی سەر مێز، و دارەکە بۆ سوتەمەنی و دارتاشی (Bartolini & Petruccli, 2002,vII.)

زەیتــی زەیتــون لەڕێوڕەســمی پیــرۆز بەكــاردەهێنرا،وە وەک ڕۆنێــک بــۆ چەوركردنــی لاشــەی مردوەكــان بۆنمــونە پـاڵەوان ئەخیـل تەرمــی پاترۆكلۆســی بە زەیتــی زەیتــون چەور كــردوە (لانــزا، ٢٠١٧، ١٧٢)، ســەبارەت بە ناشــتنی مردوەكــان، لیكورگــۆس یەكێــک لە فەرمانڕەواكــان سیســتەمێكی ژیــرانەی پەیڕەوكــرد بــۆ ئەوەی كۆتــایی بە خورافاتەكــان بهێنێــت، ئەویــش بریتیبــو لەڕێگەیــدان بە ناشــتنی مردوەكــان لەنــاو شــارەكەدا، هەروەهــا ڕێــگەی بە دانــانی شــوێنەوارەكانی دەوروبەری مردوەكانــدا مەبەســت لەم كارەشــی ئەوەبــو كە گەنجەكــان خــو بە بینینــی ئەم دیمەنــانە بگــرن و لە بینینــی تەرمــی مــردوەكە نەترســن، دەســت لێــدان لە تەرمــی مــردوەكە یــان هەنگاونــان بە ســەر گۆڕەكەیـدا ناپـاكی نیـیە، بەڵام فەرمـانێكی دیـكەی بەسـەردا سـەپاند، كە هـیچ شـتێک لەگەڵ تەرمـی مــردوەكەدا نەنێــژن جــگە لە گەڵاكــانی زەیتــون نەبێــت، ئەگەر بیانەوێــت بەو كفــنە ســورەی كە پێشــتر بەكارهــاتوە دەتــوانن تەرمــی مردوەكــان بپێچــنەوە، چــونكە گەڵای زەیتــون و كفنــی ســور بــۆ هەمــو كەســێک ڕێگەپێــدراو نەبــوە، بەڵام ســنوردار بــوە بەڵكــو تــایبەت بــو بە هاوولاتیــانی دەوڵەمەنــد بەتــایبەتی شــەڕڤانانی نــاو شــەڕەكان، هەروەهــا بــاس لەوە دەكرێــت كە یۆنــانییە كۆنەكــان لەیــادی مردوەكانــدا دار زەیتونیــان چانــدوە، پێیــانوابوە مەســاجكردنی جەســتەی مــرۆڤ بە زەیتــی زەیتــون ڕێگــای ژیــانێكی باشــتر بــو لە دوای مردنــی، (الــدلفي( ٢٠٢٣، 310). چــونكە زەیتــی زەیتــون شــانازی پێــوەكراوە لە بیروبــاوەڕی یۆنــانییە كۆنەكانــدا لەگەشــتی ڕۆح بــۆ جیهــانەكەی تــر، (لانــزا 2017، 171)

هەر لە بیروبــاوەڕی ئــایینی یۆنانــدا دیــارییەک، هەبــو كە بریتیبــو لە دەفرێكــی بچــوكی پــڕ لە زەیتــی زەیتــون و بەرزیــیەكەی دەگەیشــتە ٤٥ســم و زۆرجــار بە دیمەنێــک ڕازاوەتەوە كە كە وێــنەی مــاتەمگێرانی لەســەر بــوە، وەكــو دیــاری پێشــكەش بە مردوەكــان كــراوە، ســەبارەت بە پرۆســەی ســوتاندنی تەرمــی مردوەكــان، هەمــو كەســێک نەیتوانیــوە ئەو كــارە بكــات، بەڵكــو تەنهــا بــۆ دەوڵەمەنــدەكان ســنوردار بــوە لەمەوە وا دیــارە كە بەكارهێنــانی گەڵای زەیتــون ئامرازێــک بــوە بــۆ گواســتنەوەی تەرمەكــان وەک تــابوت كە بەهــۆیەوە گواســتراوەتەوە بــۆ گــۆڕەكە یــان لە ســوتاندنیدا بەكارهــاتوە، بە هۆكــاری بەكارهێنــانیی زەیتــونیش لە هەردو حــاڵەتەكەدا، دەگەڕێــتەوە بــۆ بیــرۆكەی پــاككردنەوەی لاشــەی مــردو بەزەیتــی زەتیــون، وەكــو گوتراویشــە تەرمــی ســۆلۆن ســوتێرنراوە و خۆڵەمێشــەكەی لەســەر یەكێــک لەو دورگــانە بڵاوكــراوەتەوە، كە ســۆلۆن بــۆ ئەســینای وەرگرتــۆتەوە جــگە لەوەش ســوتاندنی لاشــەش وەک ڕێزلێنــان بــوە لە كەســانی گەورە، و (الــدلفي ٢٠٢٣. ٣١٠-٣١١).

زەیتــون لە هــونەری یۆنــانی کۆنــدا گرنــگ بــوە بەهــۆی پــێگەی ئــاینیەکە بە پــلەی یەکەم پەیوەنـدی بە خوداوەنـد ئەسـیناوە هەبـوە لەنـاوچەی پولیـا سـکایفۆس (کـوپێکی شـەرابی دو دەسـک) (پاشـکۆی ژمـارە1) دۆزرایەوە، مێـژوەکەی دەگەڕێـتەوە بـۆ سـەدەی چـوارەمی پـێش زایـین وێـنەی پەپــویەکی (کونــدە پەپــو) لەســەرە کە هێمــای خوداوەنــدی ئەســینابوە کە بە لقــی زەیتــون دەورە دراوە. (لانـــــــــــــــــــــزا،2017، 173).



پاشـکۆی ژمـارە 3: (کـوپێکی شـەرابی دو دەسـک) مێـژوەکەی دەگەڕێـتەوە بـۆ سـەدەی چـوارەمی پێش زایین (لانزا،2017، 25).

خوداوەنـــدی ئەســـینا لەگەڵ دارە پیرۆزەکەیـــدا کە دار زەیتـــونە، لەســـەر تەختەیەکـــی ڕەنگــاوڕەنگی بەردی جیــری دانیشــتوە هەروەهــا لەگەڵای زەیتونــدا خــواردن دەخــوات و دەفرێــک زەیتــی زەیتــونی هەڵگرتــوە ئەم نیگــارە لە شــاری میســینیا کێشــراوە، لە دو ڕەهەنــددا خــۆی دەبینێـــتەوە: یەکەمیـــان گوزارشـــت لە هێماســـازیی زەیتـــونەکەی خوداوەنـــد ئەســـینا دەکـــات، ڕەهەنـدەکەی تـریش گوزارشـت لە پاراسـتنی خوداوەنـد ئەسـینا دەکـات بـۆ داری زەیتـون، پاشـاکانی یۆنــانیش ئەم دارەیــان پاراســتوە بــۆیە داری زەیتــون پاڵپشــتی خوداوەنــد ئەســینای وەرگــرت بەمەش گرنگییەکـــی زۆری هەبـــو لە ئـــابوری یۆنانیـــدا و وێنەیەکـــی دیـــکە لەســـەر دراوی زێـــڕ نیشـاندرابو لە یۆنـانی کـۆن کە تـاجە گـوڵینەی زەیتـونی دروسـتکراو لە گەڵاکـانی لەسـەر کـڵاوەکەی

دانرابــو، هەر لەکــارە هونەریەکــانی تــری لەزەیتــون دروســتکراو پەیــکەری خواوەنــد زیوســە کە دانیشــتوە ئەمە لەکــاتی لەســەرنانی تــاجی زێڕینــی لەســەری خواوەنــد زوس دادەنێــت کە شــێوەی تــاجەکە وێــنەی لقێکــی زەیتــونی گەڵا جــوانە، هەروەهــا مۆرێــک لە بەردی عەقیقــی ســور دروســتکراوە، دۆزراوەتەوە کە مێــژوەکەی بــۆ ســاڵی 323 پــێش زایــین دەگەڕێــتەوە، لەســەر بەردەکە وێــنەی وەرزشــوانێکی ڕوتــی تــاڕادەیەک شــەرمەزار هەڵکەنــدراوە، پــارچە قوماشــێکی لەســەر قــۆڵی ڕاســتی هەڵگرتــوە، لقێکــی زەیتونیشــی بەدەســتەوەیە، و تــاجە گــوڵینەی زەیتــونی لەســەرە کە نیشــانەی ســەرکەوتن نیشــان دەدات (الــدلفی،2023، 324))، وەک لە وێــنەی ژمــارە 4دا دیارە:



وێــنەی ژمــارە 4: مــۆرێکی عەقیقــی ســور، کە وێــنەی وەرزشــوانێکی لەســەر هەڵکەنــدراوە، قوماشــێێک لە قــۆڵی ڕاســتی هەیە، لقێکــی زەیتــونی بەدەســتەوەیە و تــاجە گــوڵینەی زەیتــونی لەســەر

دەکرێت کە وەک ئالای سەرکەوتنی لە یاریە ئولۆمپیەکاندا لەسەری دانراوە، لە ٣٢٣ پێش زایین (لانزا،2017، 28)

ژمارەیەک تابوت لە دەرەوەی دەروازەکانی شاری ئەسینا دۆزرایەوە ئەم تابوتانە چینێکی ئەستوری گەڵای زەیتونیان لەسەر هەبوە، دانانی لقەکانی زەیتون لەسەر تابوتەکە دابونەریتی باو بوە لە کۆمەڵگەی یۆنانی کۆندا لەگەڵ تاجە گوڵینەیەک لە دەوری سەری مردوەکە و لە ڕازاندنەوەی تابوتەکەشدا بەکارهاتوە، بەمجۆرە هەوڵیانداوە وردەکارییەکان لە پرسەو ماتەمگێرانەکاندا، ڕێکبخەن، ئایا ڕێوڕەسمی سەرەکی سوتاندنی تەرمەکان بوە یان ناشتنیان یان ڕەنگە مەیلێک هەبوبێت بۆ تێکەڵکردنی ئەم دو شێوازە، یەکێک لە و ڕێوڕەسمانەش ئەوە دەسەلمێنێت کە لە کۆنەوە مەبەستی ئایینی هەبوە لە دانانی زەیتون لەگەڵ مردوەکان بۆیە لای یۆنانییە کۆنەکان زەیتون ئەو ئامرازە بو کە ژیانی ئەم جیهانەی بە ژیانی دوای مردنەوە بەستۆتەوە جگە لەوەی پەیوەندی. نێوان مرۆڤ و خوداوەندی بەیەکەوە بەستۆتەوە. (لانزا 2017، 71)، هەرچی گرنگی بایەخی زەیتونیشە لەهونەری میسردا: وا دیارە کەمی زەیتون کاریگەی هەبوە لە ڕەنگدانەوە لە هونەرەکەشیدا چونکە کەم یان هەر نەبوە، بەو پێیەی تا ئێستا هیچ وێنەیەکی ئەو دارە یان بەرهەمەکەی لە سەردەمی دەوڵەتی کۆن و ناوەڕاستدا وێنا نەکراوە، پشتڕاستی ئەوەش کراوەتەوە کە زەیتون بە دەگمەن بەکارهاتوە یان پێش سەردەمی شانشینی نوێ هاوردەنەکراوە، سەرەڕای ئەوەی هەرچەندە زەیتون لە سەرەتای شانشینی نوێدا بەڵگەی لەسەرە(kelder,2009:343) بەڵام بڵاوبونەوەی لە نوسراوەکانی میسردا دیار نییە تا سەردەمی ئەخناتون لەسەر دیوارەکانی پەرستگەی گەورەی ئاتون لە پایتەختە نوێیەکەیدا دەرکەوتوە، "ئەخناتون"ی پادشا لقێکی زەیتون پێشکەش بە خوداکەی دەکات، و دارێکی زەیتون لەسەر تابلۆیەکی دیواری لە گردی عەمارینە هەیە و پاشا ئەخناتون لەڕێگەی هونەرمەندانەوە وێنەی دار زەیتونیان لە دیواری پەرستگەی گەورەی ئاتون لە گردی عەمارنە وێنایان کردوە.



وێنەی ژمارە ٤: لقێکی زەیتون لەسەر تابلێتێک لەدیوارەکانی گردی عەمارینە، Kelder,2009,fig2 ,9

دیمەنی بەشێکی دیوارەکانی سەر پەرستگای گەورەی ئاتون دەرکەوێت کە ئەندامانی دەرباری کۆشکی شاهانە قوربانی دەدەن بە ئاتون و لەناویاندا پاشا ئەخناتون لەسەر بەردێک دانیشتوە، بە دەستی چەپی لقێکی پڕ لە زەیتونی پێشکەش بە خوداوەندی ئاتون دەکات و بە دەستێکیشی تیشکی خۆری هەڵگرتوە (وێنەی ژمارە 5 بەڵام بەشێکی بەردەکە شکاوە).



وێنەی ژمارە 5: تابلۆیەکی بەنەخش هەڵکۆڵراو کە ئاماژە بە لقی زیتون دەکات لەسەر دیواری پەرستگەکانی گردی عمارینە، دەستێک لقێک زەیتونی پێیە کە دەستی ئەخناتونە (لانزا،2017، 23).

لە دیمەنەکەدا وا دیارە پاشا لە ژێر تیشکی خۆردا وەستاوەڕوی لە دار زەیتونەکە کردوە کە ڕەنگە لقەکەی بڕاوەبێت، چونکە لقەکانی سەرەوەی دار زەیتونەکە لە لای ڕاستی لێواری خوارەوەی پارچەکەدا کەوتون هەر وەها پارچە بەردێک دۆزراوەتەوە کە دەستێک لقێک دار زەیتونی بەدەستەویە کە ئەمە لەسەربەردی جیری. (الحجر الجيرى) هەڵکۆڵراوە. (عاشور، 28-29)، لق و پۆپەکانیش لەبواری هەڵکۆڵین بەتایبەتی( نحت البارز) و دروستکردنی پەیکەری خواوەند بەکارهاتوە، بۆنمونە پەیکەری خواوەند ئەسینا لەداری زەیتون بوە، ئەم پەیکەرە ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە لە بۆنەو ڤیستڤاڵە ئاینییەکان، لەبواری دارتاشیشدا پشتیان پێی بەستوە و کەلوپەلی ناومال و کورسی و مێزو جێگەی خەویان بەڕەنگی وەکو سەوزو و قاوەیی و پەمەیی (وەردی) و ڕەنگی قاوەیی توخ دروستکردوە ئەمەش بەهۆی ئەوەی پێیانوابوە درەنگ ئاگردەگرێت (الدلفی،٢٠٢٣، 319-320)

لە ڕوانگەی سیاسیەوە زەیتون ئەرکی نێوەندگیری بوە لە نێوان کاربەدەستان و دانیشتواندا و نێوەندگیریی نێوان خوداوەند ئەسینا و شارەکەی، واتە ڕۆڵی ناوەندگیری و پەیوەندی دەگێڕا لە نێوان ڕەعیەتەکانی خوداوەند ئەسیناو خەڵکی شارەکەو ڕۆڵی هەبو لە نێوان چاودێری خواوەند بۆ زەوییەکانی پێش پەیدابونی دەسەلاتی سیاسی ئەمەش جۆرێک لە گرنگی سیاسی پێبەخشی، وە قۆناغی دواتر گرنگی داری زەیتون لە ڕوانگەی سیاسیەوە ئەوکات دەرکەوت کە حکومەت پەیدابو هەوڵی چاودێریکردنی دەدا لە پێناو گرەنتی مانەوەو پاراستنی دەسەلاتەکەیدا ( Bartolini & Petruccili, 2002,VII) هەر لە ڕوانگەی سیاسیەوە بایەخەکەی تەنها لە چاودێری حکومەت کورتنەکراوەتەوە، بەڵکو لەبواری پراگماتیکیشدا گرنگی خۆی هەبوە واتە تێکەڵکراوە لەکەڵ بیروباوەڕی سیاسی و بیرۆکەکانی پەیوەست بە ڕوەک و شەڕ تێکەڵ بو و ئەمەش لەلایەن پاشای فارس ئەحشەویرشی یەکەم پێش ئەوەی فارس بەجێبهێڵێت و بەرەو داگیرکردنی یۆنان بڕوات لەدەقیکدا باسی زەیتونی کردوە کە وەک خەون بینویەتی، دەڵێت: "لە خەونمدا وەک ئەوەی تاجم بەلقی دار زەیتون لەسەر دانرابو، لقەکانی تاجەکەشم گەشەیان کرد تا هەمو زەویەکەیانم داگیرکرد» لەم دەقەدا پەیوەندی کەسایەتی شاهانە بە دار زەیتونەوە پشتڕاست دەکاتەوە هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە دار زەیتون هێمایەکی سیاسییە کە تایبەتە بە جۆری. پەیوەندی ئایینی نێوان فەرمانڕەوا

و بەشـــێک لە ناوچەی کشـــتوکاڵی هەروەها گوتراوە داری زەیتون ئالیەتی دەســـتی خواوەندەو لایەنی ئەفسانەیی و شعروە هێما ونیشانەی خواوەندی و تۆڵەسەندنەوە و مردن بوە (الدلفی 2023، 313).

زەیتـــون هێمـــای پیـــت و فەرو لەدایکبـــونی نـــوێ و بەردەوامـــی مرۆڤـــایەتی بـــو، وەک چـــۆن بە توانـــای بەرگەگرتنـــی بـــارودۆخی جۆراوجـــۆر ناســـرابو، بـــۆیە بـــوەتە هێمـــای ئاشـــتی و ســـامان، بە ســـەرچاوەیەکی سروشـــتی پـــاکی و هێـــز ی پیـــرۆز دانـــراوە ئامـــاژە بەوەش کـــراو کە هەمـــو هەنگاوێـــک لە چانـــدنی زەیتـــونەوە تـــا بەرهەمهێنـــانی ڕێورەســـمێکی گرنگـــی هەبـــوە کە ئەوانەی شایســـتەی چانـــدنی زەیتـــون بـــون تەنهـــا پیـــاوان و کچـــانی پـــاکیزەبون و لە ئەنجامـــدا ناپاکەکـــان بەشـــداریکردنیان لە چنینـــی زەیتـــون لـــێ قەدەغەکـــراوە (کوفمـــان 2012، 44-45)، پیـــاوانیش لە چنینـــی زەیتونـــدا ڕێگەیـــان پێـــنەدەدرا، مەگەر شـــەوی پێشـــتر خۆیـــان لە جوتبـــون لەگەڵ ژنەکانیـــان بەدورگرتبـــوایە (کوفمـــاک.2012، 45)، ئافرەتـــانیش ســـودمەندبون لەبەکارهێنـــانی زەیتـــون، ئەویـــش لەڕێـــگەی خـــواردنەوەی زەیـــتەکە یـــان شـــێلانی ئەنـــدامەکانی لاشـــەیان بەزەیتـــی گەرمکـــراو تـــا خۆیـــان لە وشـــکبونەوەی پێســـتیان بپـــارێزن لە سەرماوســـۆڵەی زســـتان، خـــواردنەوەی زەیـــتەکەش بەمەبەســـتی کـــار ئاســـانی لەدایکبـــونی منـــداڵ بـــوە، دوای لەدایکبـــونیش بەمەبەســـتی پـــاکبونەوەی لاشـــەیان زەیتیـــان خـــواردۆتەوەو چـــاودێی منـــداڵی تـــازە لەدایکبوشـــیان پێیکـــردوە بە شـــێلانی لاشـــەی منـــداڵەکە بەزەیتـــی زەیتـــون (الـــدلفی،319،٢٠٢٣)، بـــۆ جوانکـــاری وەکـــو تەســـریحە (تەوقە)ی قـــژ و ماســـکی پڕبـــون و بریقەدارکردنی قژ بەکاریانهێناوە(کوینیل،٢٠١٩، 99-100)،

لەئەدەبیـــاتی یۆنـــانی و کـــارە شانۆیەکانیشـــدا باســـکردنی زەیتـــون ڕەنگـــی داوەتەوە بـــۆ نمـــونە لەدەقێکی هونەریدا وا باسی زەیتون کراوە: «ڕوەکێکە لەسەر ئەم زەویە گەشەدەکات

نە وێنەی هەبوەوە نەگوێت لێبوە لە بیلوبۆنیزی گەورە

ئەو بۆ هەمیشە لە گەشەکردندایە و نەمرە و خۆی نوێ دەکاتەوە

دەبێتە هۆی نائومێدی لە چەکی دوژمنان،

ئەوە داری زەیتونە و گەڵاکانی خۆڵەمێشی هەیە «(السعدانی، ٢٠٠٨، 175).

لە ڕێـــگەی ئەم دەقەوە تێبینـــی ئەوە دەکرێـــت شـــێوازی بیرمەنـــدانی یۆنـــانی دێـــرین و ڕۆڵـــی ئەوان لە دروســـــتکردنی بیـــــری هاوولاتییانـــــدا چـــــۆن بـــــوە ئەوان جـــــوانترین و دەگمەنتـــــرین وشـــــەو دەربڕینەکانیـــان هەڵبـــژاردوە بـــۆ ئەوەی متمـــانە بەدەســـتبهێنن و شـــانازی بە نیشـــتیمانەکەیانەوە

دەکەن، و هەستێکی ناوازەیان هەیە لەو شتە باشانەی کە لە کەسانی دیکەدا نییە، ئەمەش تۆوی خۆشەویستی وڵاتەکەیان لە دڵی هاووڵاتیاندا چاندوە و پاڵنەرێکی بەخشیوە پێیان (السعدانی، ٢٠٠٨، 175).

بەکارهێنانی لە بواری خۆراکییدا: پێویستە ئاماژە بە زەیتون لەو بوارەدا بکرێت، چونکە بەتام و بەسود و تەندروست بوە ئەمەش بە خاڵێکی باش دادەنرێت لە خۆراکی یۆنانیدا چونکە ئارەزوی خواردن زیاددەکات، ئەمەش لەلایەن پلۆتارکەوە پشتڕاستکراتەوە کە دەڵێت:

"خەڵکێکی زۆر ئارەزوی خواردنیان لەدەست دەدەن

ئەگەر زەیتونی ئامادەکراو وەربگرن،

وایان لێدەکات ئارەزوی خواردنیان وەربگرنەوە،

مەزاجێکی باشیان پێدەبەخشێت بۆ خواردن(الدلفی :2023،319).

چونکە زەیتون یەکێک لە توخمە بنەڕەتییەکانی خۆراکی یۆنانی بوە زۆربەی کاتیش نانیان زیادکردوە لەگەڵیدا (بورا 1989،23–24 )تەنانەت نانیان لە زەیتی زەیتوندا نوقم دەکرد (کە ئێمە پێی دەڵێین تێهەڵکێشان) و لە هەمو خواردنێکیشدا بەکاریانهێناوەو مێزی نانخواردنەکەیان بە قاپێک زەیتی زەیتون ڕازاندۆتەوە، هەروەها نان و پاستای زەیتون و فەتائیر جۆرێکە لەشیرینیی لە هەویر و زەیتی زەیتون دروستکراوە (وەک کێکی ئێستا) هەروەها خواردنی بە تامیان لەبواری چێشت لێناندا لێ دروستکردوە (کوفمان ,2012 ,165)، تامێکی نایابی بۆ خواردنەکانیان دروستکردوە هەروەها بەکارهێنانێکی دیکەی هەبوە کە بریتیبوە دڵۆپاندنی زەیتی زەیتون لەسەر نان، خویەک بوە کە تا ئێستاش ماوەتەوە بۆ شۆربا و زۆرێک لە خواردنە کولاوەکان یۆنانییە کۆنەکان حەزیان لێی بوە، هەروەک چۆن بە مەبەستی خۆشکردنی تامەکەیان چەند دڵۆپە زەیتێکیان ڕشاندۆتە سەر گۆشت و ماسی لێرەوە(زیمرون 1985 50)، دیارترین خواردنیان بەزەیتی زەیتون شۆربای تەماتەبوە کە لە تەماتە و زەیتون و ئاو پێکهاتوە، تەنانەت قاپەکانیان بە زەیتی زەیتون چەور دەرکرد، کە جێگەی کەرە (کەرێ)ی دەگرتەوە (الدلفی(2023، 316). بەمجۆرە دەردەکەوێت زەیتی زەیتون لە پێکهاتەی هەمو جۆرە خۆراکێکی یۆنانیدا جێگیر بوە(زیمرون 1985، 50)

زەیتــون لە کۆمــاری ئەفلاتونــدا وەک خــۆراک باســکراوە: (هــ: وا دیــارە ئاهەنگەکــانی هاوڕێکانــت ســنوردار کــردوە بە نــان، بەبێ بەهــارات.* بە دروســتی قســەت کردبــا، چــونکە لەبیــرم چــو لە هەمــو شوێنێکەوە مرۆڤ بەهاراتیان هەیە وەک خوێ و زەیتون و پەنیر (خەباز، د.ت، ٥٢).

بروایــان وابــوە زەیتــی زەیتــون تەمەنیــان درێــژ دەکــات. چــونکە ڕێژەیەکــی بەرزی چەوریــیە تێرەکــانی تێــدایە، کە یارمەتیــدەرە بــۆ ڕێگریکــردن لە کۆبــونەوەی کۆلیســترۆڵ لە جەســتە، هەر لەبەر ئەمەشــە زەیتــی زەیتــون، لە نێــو یۆنــانییە کۆنەکانــدا وەک بەشــێکی گرنگــی خــۆراک وەســفکراوە (الــدلفی 2023، 317)، لەبــواری جوانکاریــدا تەنــانەت شــوێنی ســابونی گرتبــۆوە، لەگەرمــاوە تــایبەتی و گشــتیەکاندا بەکاردەهــات و لاشــەیانیان پێــی چەور دەکــرد (کوفمــان 2012، 165). لەدەقێکــی ئۆدیســـدا هــاتو «گەنجەکــان شوشــەیەک لە زەیتــی زەیتــونی ئاڵتونیــان لەگەڵ خۆیان بردوە بۆ گەرماوەکان بەمەبەستی نەرمکردن زو شێلانی لاشەیان(الدلفی،٢٠٢٣، 318).

زانــراوە لەهەزارەی ســێیەمی پ.ز زەیتــون لەبــواری پزیشــکی بەکارهــاتوە و لەنــاوچەی بیلوســە لیســتێک دۆزراوەتەوە کە نــاوی چەنــد جۆرێــک لەزەیتــی تێــدایە کە بــۆ ســەردەمی میسینی(مایســینی) دەگەڕێــتەوە ئامــاژە بە نەنــاع و گــوڵ و داری عەرعەر کــراوە لەگەڵ زەیتــی زەیتــون تێکەڵکــراوە بەمەبەســتی دروســتکردی مەڵهەمــی پزیشــکی و بــۆن (لانــزا،٢٠١٧، 173) بــۆ دروســتکردنی بــۆنیش زەیتــی زەیتــون لەگەڵ ڕوەکــی غــارو گــوڵ تێکەڵکــراوە( Bartolini, G., & Petrucclli2002, p11,).

ڕۆڵــی زەیتــون لە ئــابوری یۆنانــدا: شــاری ئەســینا هەمیشــە بەدەســت کەمــی بەرهەمهێنــانی گەنــمەوە دەینالانــد، بەڵام سروشـــت لەبـــری ئەوە دار زەیتـــونێکی زۆری پێبەخشـــی، لە هەمـــو بەشــێکی یۆنــان بە گشــتی چێنرابــون، زەیتــون لەڕێــگەی بازرگــانییەوە گــۆڕینەوەی پێکــراوە واتــا بەرهەمە زەیــتەکەی ئــاڵوگۆڕکراوە بەو شــتەی کە لە ژیــانی ڕۆژانەیەیانــدا پێویســتیان پێــی بــو (لانــزا،2017، 74)، پاشــان بــو بەگرنگتــرین و دیــارترین کــاڵا کە لەلایەن یۆنــانەوە هەنــاردە دەکــرا و بەرژەوەنــدی دەســەلاتیش لەوەدا بــو ڕێوشــوێنی تونــد بگرنــەبەر بــۆ نمــونە ســۆلۆن، کاتێــک هەنــاردەکردنی هەمــو بەرهەمە کشــتوکاڵییەکان قەدەغەکــرد، جــگە لە ڕۆن و زەیتــون کە لە دەفــرە کۆنەکانــدا هەنــاردە دەکــراو زۆرێــک لەو دەفــرانە بە ناوچەکــانی حەوزی دەریــای ناوەڕاســت، بڵاوبــونەوە، ئەوەی یارمەتیــدەر بــو لە فراوانکردنــی بازرگــانی زەیتــون ئەو داگیــرکەرانە بــون کە لەلایەن کــۆچبەرانەوە لە نــاوچە جیاوازەکــانی دەریــای ناوەڕاســت دامەزران، کە لە بەرامــبەردا

بــازاڕی فراوانیــان بەڕوی بازرگانــانی یۆنانــدا کــردەوە یەکێــک لە بەڵگەکــانی گرنگیــدان بە بازرگــانی زەیتــون دۆزینــەوەی مــاڵێکە بە نــاوی مــاڵی بازرگــانێ زەیتــی زەیتــون لەم خــانوەدا ســی و نــۆ تــابلۆی هەناردەکردنی زەیتی زەیتونی تێدا تۆمارکراوە (الدلفی ٢٠٢٣، 323).

**ئەنجام**

توێژینەوەکەمان ئەنجامی زۆری لێکەوتەوە کە دیارترینیان بریتین لە:

1- زەیتــون وەک درەختێکــی هەمیشــە ســەوز ناســراوەو لە ســەرچاوەو زمــانە جیهانیەکاتیشــدا بە شــێوازی جیــاواز نــاوی هــاتوە، بەهــۆی ئەوەی مرۆڤــی ئەوکــات زۆر شــارەزایی نەبــوە لەســەرەتادا وەک درەختێکــی ئاســایی ســەیری کــردەوە مــامەڵەی بە لــق و بەروبــومەکەیەوە کــردوە، تــا لەدواتــردا و پاڵشــت بە دەقە ئــایینی و ئەفســانەییەکان شــوێنێکی بەرزو پیــرۆزی بــۆدانراو هــاتە نــاو کــایە جیاوزەکـــانی ژیـــان، بەهۆیەشـــەوە مەودای چانـــدن و ســـودوەرگرتن لەبەرهەمەکەی ســـنوری حەوزی دەریــای ســپی ناوەڕاســتی تێپەڕانــدو گەیشــتە شــام و میســرو فەلەســتین و ئــودرن و پاشــان ناوچەکانی دەرەوەی خۆیان.

2- بەکارهێنـــانی زەیتـــون و ڕۆنەکەی لە شانشـــینی نوێـــدا لەمیســـری کـــۆن بەهـــۆی فراوانبـــونی پەیوەنـــدییە سیاســـییەکانەوە بەربڵاوبـــو، ســـەرەڕای ئەوەی هـــیچ بەڵـــگەیەک لە ســـەرچاوە میســرییەکاندا نیــیە ئامــاژە بە هــاوردەکردنی زەیتــی زەیتــون لە شــامەوە بکــات تەنهــا لە یۆنــانەوە هاوردەکراوە.

3- فراوانبـــونی بەکارهێنـــانی درەختـــی زەیتـــون لە میســـری کـــۆن هاوکـــاتە لەگەڵ بڵاوبـــونەوەی هـــزری ئـــاتونی، کە هێمـــابو بـــۆ داهێنـــان و بەردەوامـــی و دەرکەوتنـــی هەمیشـــەیی، بەو پێـــیەی دار زەیتون بە گەڵا سەوزەکانی بەناوبانگە بە درێژایی ساڵ سەوزەو گەڵاکانی ناوەرێت.

4- گەشـــەکردنی بیـــری ئەفســـانەیی داری زەیتـــون و پەیوەنـــدیی بە خوداوەنـــدی ئەســـیناوە، هۆکارێک بوە بۆ بەپیرۆزسەیرکردنی لە بیروباوەڕی یۆنانی کۆندا.

5- زەیتــون و ڕۆنەکەی گرنگتــرین ڕەگەزەکــانی ئــابوری یۆنــانی کۆنیــان پێکــدەهێنا، چــونکە هۆکــار بــوە لە دروســـتکردنی پەیوەنـــدی لەگەڵ ناوچەکـــانی دراوســـێ، ســـەرەڕای پیـــرۆزی و گـــرنگییە ئـــابوریەکەی، شـــارەزایی یۆنـــانییە کۆنەکـــانیش بـــۆ بەرهەمهێنـــانی باشـــترین زەیتـــون هۆکـــاری

ســــەرەکی بــــو لەزیــــادبونی بەرهەمەکەی و هەنــــاردەکردنی زەیتــــون و ڕۆنەکەی بەشــــێوەیەکی بەرچاو.

6- زەیتــون هێمــای ئاشــتی بــوەو ڕۆڵــی هەبــوە لە وەســتاندنی ململانێکــان بــۆ مــاوەیەک لە کــاتی ئەنجامدانی یارییە ئۆڵۆمپیەکاندا.

7- زەیتــون و زەیــتەکەی ڕۆڵــی هەبــو لەباشــتر کردنــی لایەنــی هــزری و دەرونــی و جەســتەیی یۆنــانییە کۆنەکــان چــونکە تەندروســتی وهێــزی جەســتەیی پێبەخشــیون، پێیــانوابوە کــاریگەرییەکەی لە شکستپێهێنانی دوژمنەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە.

**پەراوێزەکان:**

*گــردی عمــارنە بە (ئەخــت ئــاتون)یش ناســراوە، چــونکە پــایتەختە نــوێکەی ئەخنــاتون بــو، ئەم شــارە دەکەوێــتە باشــوری قــاهیرە، بەدوری نــزیکەی ٨٠ کــم، شــوێنی ئێســتای شــارەکە لەســەر بنەمــا وێرانەکــانی ســێ گونــدە کە بــریتین لە گــردی عەمــارنە - ئەلحــاج و قەنــدیل، ســەرهەڵدان و ســەرەتای شــارەکە پەیوەســت بــو بە پاشــا ئەمنحــوتێبی چــوارەم (ئەخنــاتن)ەوە، کە پێــی بــاش بــو پــایتەختێکی نــوێ دروســت بکــات، دوای ســەرهەڵدانی کــارە ئــاینییە نــوێیەکەی، یەکەم هەنگــاویش پەرســتنی هەمــو خوداوەنــــدەکانی دیــــکەی هەڵوەشــــاندەوە و خوداوەنــــد "ئــــاتن= ئــــاتون"ی (تیشــــکی خــــۆر)ی وەک خوداوەنــدێکی ســەرەکی بــۆ دەوڵەت دیــاریکرد، بــۆیە کۆشــکەکەی و ناوەنــدی بەڕێــوەبردنی سیاســی خــۆی گواســتەوە بــۆ عەمــارنە بەڵام پــایتەختی ئــاتن تەنهــا لە ســەردەمی ئەم پاشــایەدا بەردەوام بــو، دوای مردنی پایتەخت جارێکی تر گواسترایەوە بۆ تیبس (البربری، ٢٠٠٨، 8).

# The Importance of Olives and Their Oil in Ancient Egyptian and Greek Civilizations

**Shanaz Ibrahim Mehmood**

Department of History , College of Human Sciences , University of Raparin ,Ranya ,sulaimanya,Kurdistan Region ,Iraq

## Abstract

Olives have been of great importance in ancient civilizations, since the beginning of life, scientists have different opinions on the origin of this tree, some Palestine and Syria, some Greeks and some Cyprus and the Aegean Sea region In the sources and languages of the world, the name is mentioned in different ways, because Movi was not very experienced at that time, he initially regarded it as an ordinary tree and treated its branches and fruits In many religions and throughout different times, its oil has been the purest and best way to show their relationship with God, so in the time of kings and princes Prominent figures, aristocrats, heroes, athletes and clerics, East and West, used perfumed oil to show their holiness and high social status. It was one of the pillars of Egyptian and Greek civilization, especially in ancient Greece It was a food that they called liquid gold, but because of its effects on religious thought and thought after death, the title of the study (The importance of olives and their oil in ancient Egyptian and Greek civilizations), which consists of three main topics.

The first topic: The name of the olive, its history of development, its distribution areas and its causes and .motives

.The second topic : its religious position in both civilizations

.The third topic: the importance of the use of olives and their oil in different fields of both civilizations

**Keyword**s: (Olive, Oil, Greece, Economy, Egypt, Mummification)

**لیستی سەچاوەکان:**

الدميري، عبدالعزيز (2005)،سيوه الماضي والحاضر.الاسكندرية.

الدلفى،نجم عبيد (2023)، الزيتون اهميتة في اليونان القديمة، مجلة التربية،1,،،53، المديرية العامة لتربية واسط.

البربرى:احمد محمد،(2008)، عواصم مصر القديمه، الاسكندريه.

بورا، س.م. (١٩٨٩) التجربة اليونانية ترجمة احمد سلامة محمد سلامة ): الهيئة المصرية العامة للكتاب

حاتم،عماد، 1988، اساطر اليونان القديم، الدار العربية، لبيا

حسن، سليم(2001) _موسوعة مصر القديمة في مدينة مصر، الجز الرابع، مؤسسة هنداوي، المملكة المتحدة.،

خطاب، حسن عبد الرحمن،(١٩٨٥) الثروة النباتية في مصر القديمة، القاهرة،

زيمرن، الفرد (١٩٥٨) الحياة العامة اليونانية (المجلد (٥) ترجمة (عبد المحسن الخشاب، القاهرة: لجنة البيان العربي.

عبد ربه، مفتاح (2009)؛ زراعة الزيتون في العصر الكلاسيكي مجلة الاتحاد العالم الاثاريين العرب العدد الحادي والعشرون

عبدالحميد،عمرو محمد خبري (2019)، معصـر الزيتون في العصـرين اليوناني والروماني، مجلة الاتحادالجامعات، العربية،،الجلد17،العدد1، قسم الارشاد السياحي، المعهد العالب للسياحة والفنادق بالاسكندرية

غزالة،العيد(2019)، الزيتون في التراث الديني بين النصوص المقدسة وكتب النوازل،المعهد العالي للتنشيط الشبابي والثقافي, المجلد الأول - العدد الرابع، بيتر الباي - جامعة تونس

كويتيل، ماجوري وبى (٢٠١١) الحياة اليومية في بلاد اليونان القديمة (المجلد (١) ترجمة: علاء صابر، الجيزة دار : نيتة للنشر والتوزيع.

كفان، كاثي ك (٢٠١٢)، الطبخ في الحضارات القديمة (المجلد (١) ترجمه:سعيد الغانمي، دار كلمة، دبى.

لانزا،فاريزا (2017)، الزيتون تاريخ الكوني، المجلد1، تر: عمر سليم التل، الوضبى، هيئة ابو للسياحة والثقافة.

مونتيه،بيير(1965) الحياة اليومية في مصر فى عصر الرعامسة، ترجمة:عزيز مرقس منصور.

مانكه، ليز (١٩٩٣)، التداوي بالأعشاب في مصر القديمة (القاهرة: مكتبة مدبولي

منظمة الاغذية والزراعة لامم المتحدة، التدريب الزراعي (2020)المهني، المعجل، نتاج شجرة المثمرة الزيتون، القاهرة.

نظير،ليم،(١٩٧٠) الثروة النباتية عند قدماء المصريين، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر.

Bartolini, G., & Petrucclli, R. (2002)Classification, Origin, Diffusion and History of the Olive. Rome: Food and of the United Nation.Griculture Organization.

Efe, R.; Soykon, A.,; Curebal, I.; Sonmez, S. (2012) Olive and Olive Oil Culture in The Mediterranean Basin, In Environment and Ecology in The Mediterranean Region 1, Cambridge.

Breton ,Warnock, Bernill(2012)orign and history of the olive germplasm..

Giorgos kostelenos and apostolis,kirits akis, 2017) olive Tree history and evalution bioactivity, chemistry and processing.

Keles MJ(2009), Royal gift exchange beteween mycenam Egept olive, Eastern mediterranan Amrican,lornal of Archaelogyv:113no:3

Kelder.JRoyal (2009 )Gift Exachange btween Mecenae and Egypt Oliives as Greeting gifts, eastern Mediterranean, AGA,N.3

Petrie, F., Tell el Amarna, London, 1894, Pl. XXIV